# "کوردستان" درۆ و راستیی ئیدیعاکان روون دەکاتەوە

جەمال هاشمی

لە وتاری پێشوومدا کە لەژێر ناوی: (دیمانەی سەلاح و پەیامی عەبدوڵلا موهتەدی نامەی خوێن و پەیامی دابەشکردنی کوردستان و گەیشتن بە مۆنیکا و تەلار) ، کە سایتی بروسکە سەرەڕای چەند جار داواکردنم، مافی نامە ژێر پێی و لەبەر ورووژاندنی برێك مەسەلەی گرنگ و ئاشکرا کردنی زۆر شتی بقە و باس نەکراو، نەیوێرا بلاوی بکاتەوە؛ نووسیبووم: ( (هەروەها کێ دەڵێ ئیدیعاکانی موهتەدی راستە و حیزبی دیمۆکرات و بەقەولی موهتەدی خەڵکی تریش ئەوەندە ساویلکە بن کە عەبدوڵلا و تاقمە چەند کەسیەکەی بە کۆمەڵەی راستەقینە دانێن و بازاڕی بۆ گەرم کەن؟) ) . (بۆ خوێندنەوەی ئەو بابەتەم بڕواننە www.kurdistansite.com ئەوە دیمۆکرات هەڵوێست و بڕیاری خۆی روون کردەوە.

لەو ماوەیەدا کە قسە و باسی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و هاوکاریی نێوان حیزبە سیاسیەکان بە گەرمی لە ئارادا بوو، تاقمەکەی سەلاح و عەبدوڵلا موهتەدی، وایان پێشان دەدا کە، ئەوان لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، لە پشت پەردەوە دوور لە خەڵك و هێزە سیاسیەکانی تر خەریکن و زۆریان نەماوە بگەنە ئەنجام. سەلاحی موهتەدی لە دیمانەکەیدا لەگەڵ سایتی www.dimane.com دا رایگەیاند کە: ( (لەسەر شتی بچووك بچووك و لەسەر وشە دوو سێ ساڵە خۆیان راگرتووە، دەنا پرۆژەیەك لە ئارادایە کە چۆن بەیەکەوە هاوکاری بکەن) ) . عەبدوڵلا موهتەدییش لە "پەیامێك بۆ خوازیارانی بەرەی کوردستانی لە ئێران" هەر ویستوویە ئەوە بە خەڵك بڵێ کە حیزبی دیمۆکرات ئەوانی بە تەرەفی قسەوباسەکانی خۆی بۆ هاوکاریی داناوە. عەبدوڵلا لە پەیامەکەیدا دەنووسێ: ( (ئێمە لە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە تەنانەت گەڵاڵەی پێشنیار کراومان ئامادە کردووە و هەر لەم رۆژانەدا پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی دەکەین و هیواداریین وەڵامی موسبەتیش وەربگرینەوە) ) . عەبدوڵلا لە درێژەی پەیامەکەیدا، زیاتر خۆ بە حیزبی دیمۆکرات دا هەڵدەواسێ، هەڵبەت نەك لەبەر واقعبینی و رێز لە حیزبی دیمۆکرات گرتن، بەڵکوو بۆ ئەوەی وەك کاوە مەردووخی نووسیویە خۆیان بکەنە هاوشانی دیمۆکرات و دیمۆکرتیش تا ئاستی خۆیان دابەزێنن و دەڵێ: ( (پێشقەدەمی و دەست پێشخەری کۆمەڵە و دیمۆکرات لەو ئەرکەدا شتێکی زۆر بەکەڵکە) ) .

ئەو قسانە، هێندێك خوێنەریان وا لێکردبوو کە تا رادەیەك باوەڕ بەو ئیدیعایانە بکات و پێی وابی بەراستی حیزبی دیمۆکرات خەریکە فریووی فرت و فێڵەکانی ئاغاکانی موهتەدی دەخوات. شتێکیش کە ئەو نیگەرانیەیەی زیاد دەکرد، بێدەنگی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لەو ماوەیەدا بەشێوەی رەسمی هیچی بلاو نەدەکردەوە. بەڵام وا بە بلاوبوونەوەی ژمارە 396ی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و چاپی بابەتێکی گرنگ تێیدا، ئاوێکی سارد کراوە بەسەری گڕ گرتووی ئەو ئاغایانەدا.

لەو بابەتەی کوردستاندا کە بە قەڵەمی نووسەر قادر وریا لە ژێر ناوی ( (بەڵێ بۆ یەکیەتی و هاوکاریی نێوان رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان) نووسراوە، باسی بڕیاری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەسەر مەسەلەی هاوکاریی نێوان رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان کراوە. بە پێی ئەو بڕیارانە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران نەك هیچ پرۆژەیەکی تایبەت بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی یان هەر شێوەیەکی تری هاوکاریی لەگەل "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان" نیە، بەڵکوو هیچ حیسابێکی جیاواز و زیاتر لە حیزب و رێکخراو و سازمانە سیاسیەکانی تری بۆ نەکردووە و ئەوەی لەو ماوەیەدا، ئاغایانی موهتەدی و تاقمەکەیان دەیانویست دەرخواردی خەڵکی کوردستانی بدەن، هەڵبەستراو و ناڕاست بوو.

ووتارەکەی رۆژنامەی کوردستان زۆر بە رۆشنی و ئاشکرابێژی بە پێچەوانەی هەوڵ و ئارەزووی ئەو تاقمە بۆ دووجەمسەری کردنی کوردستان، لە هەر کوێ باسی هاوکاری کردووە، دەستەواژەی "رێکخراوە سیاسیەکانی کورد یان کوردستانی بەکار هێناوە".

با پێکەوە سەرنج بدەینە چەند بڕگەیەك لەو ووتارە رۆشنکەرەوەیەی کوردستان و لەگەڵ ئیدیعاکانی سەلاح و عەبدوڵلا و تاقمەکەیان موقایسەیان بکەین: لە وتاری: "بەڵێ بۆ یەکیەتی و هاوکاری نێوان رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان" دا نووسراوە:

( (جگە لەوەی زیاتر لە 5 ساڵە لە زۆر بۆنەی رەسمی و لە بەڵگە نامە و پەسند کراوەکانی خۆیدا بەردەوام لەو زەرووڕەتە دوواوە و سەرنجی رێکخراوە و کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستان و ئێرانی بۆ لای راکێشاوە، چەند ساڵێکیشە بە ئامادەکردنی گەڵاڵە و پێشنیار کردنی بنچینە و رێوشوێنەکانی یەکێتی و هاوکاریی بەکردەوە، وتوویژ و راگۆڕینەوە لەگەڵ رێکخراوە کوردستانی و ئێرانیەکان بۆ پێکهێنانی یەکیەتی و هاوکاری هەنگاوی ناوە) ) .

ووتارەکەی کوردستان، باس لە پێشەکی گەلاڵەیەکیش ( (کە بە مەبەستی هاوکاری لە نێوان رێکخراوە کوردستانیەکانیەکان لە چەند ساڵ لەوە پێشتر ئامادەی کردووە و دوواجار لە رێبەندانی 1380دا (ساڵ و نیوێك بەر لە ئێستا) چاوی پێداخشاندۆتەوە) ) دەکا، کەلەو گەلاڵەیەدا گوتراوە: ( (گومان لەوەدا نیيە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کورد، هەم ئێستا لە بەرێوەبردن و رێ نیشاندانی بزوتنەوەی خەڵکدا ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە و هەم لە کاتی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کوردستان و پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە دەکەوێتە ئەستۆ. . . پێویستە هەر لە ئێستاوە ریزە هاوکاریەك لە نێوان خۆیان دا پەسند بکەن کە هەموو لایەك پێیان پابەند بن و لە چەسپاندنیان دا هاوکاری بکەن) ) .

هەر بە پشت بەستن بەو ووتارە، لەو گەلاڵەیەی حیزبی دیموکرات دا نووسراوە کە: ( (حیزبی دیموکرات و ئەو رێکخراوە سیاسیيانەی کوردستان کە هەرکام بەنۆرەی خۆیان قوربانییان لە پێناو ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان دا داوە و کۆمەڵانی خەڵك چاوەڕوانییان لێیان هەیە، ناتوانن لە دەرەوە سەیری رووداوەکان بکەن، بەڵکوو دەبی تێبکۆشن نەخشیان لە رێبەری کردنی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵك، لە هەماهەنگ کردنی بزوتنەوەی کوردستان و بزوتنەوەی سەرانسەری ئێران و سەرەنجام لە پێکهێنان و زووتر پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا هەبێ. لەبەر ئەوەی دەرکەوتووە کە هەر چەشنە نزیك بوونەوەیەکی ئەو هێزانە دەبێتە مایەی خۆشحاڵی خەڵکی کوردستان، پێویستە لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی خۆیان هەوڵ بدەن چەندی بکرێ دروشمی هاوبەش و سیاسیەتی هاوبەش بدۆزنەوە و بەیەك زمان روو بکەنە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران) ) .

ووتارەکەی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەم جۆرە کۆتایی پێ هاتووە:

( (با هەموو لایەکمان کار بکەین بۆ لێك نزیکبوونەوەی زیاتر، بۆ دانانی باشترین بناغە بۆ هاوکاریی و پێوەندیی دیموکراتیك. بۆ دیاریکردنی ئەو ئەسڵ و ئامانجە هاوبەشانەی ژمارەیەکی هەر چی زیاتر لە هێز و تاقم و کەسایەتییە سیاسیەکان لێك کۆدەکاتەوە. . . . ئێمە هیواداریین وهەر لەو کاتەش دا بەنۆرەی خۆمان بەجیددی هەوڵ دەدەین تاچاوەڕوانی لە جێی خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت روناکبیرانی خەباتگێڕ و دڵسۆز ی گەلەکەمان لە رێکخراوەکانی کوردستان لەم هەلومەرجەدا بێتەدی. پێشمان وایە گەلەکەمان لە رابردوودا زیانی زۆری لە بایەخنەدانی هێندێك بە رێکخراوە سیاسیيەکانی بە پێویستی مێژوویی و خۆ بەزل زانینی بێجێ و نەناسینی راستییەکانی نێو کۆمەڵ و تەسك بینی و لە جیاتی خەڵك بیرکردنەوە و مل رانەکێشان بۆ سەرەتا ترین ئوسوول و رێوشوێنی دیموکراتیك دیوە (دیارە نووسەر رووی قسەی لە کێیە) . پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی ئەو زیان و خەسارانە و دابین کردنی دووا رۆژێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستانیش لە گرەوی یەکیەتی و هاوکاریی رێکخراوە سیاسیيەکانی کوردستان و خۆ بواردنیان لە دووپاتکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو دەبیبین) ) .

خوێنەری بەرێز، سەرنجت دا کە لە نێوان خۆ هەڵواسینەکانی برایانی موهتەدی و تاقمەکەیاندا بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و قسە بەزمانی حیزبەوە کردن تا هەڵوێست و بڕیارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەندە فەرق و جیاوازیی هەیە؟. (بۆ بەرجەستە نیشاندانی ئەو فەرق و جیاوازییە لەبن دێڕە گرنگەکان خەتم کێشاوە) ئەوە لە حیزبی دیموکرات و مەسەلەی هاوکاری نێوان رێکخراوە سیاسیيەکان.

هەڵوێستی کۆمەڵەش کەلەسەر تاقمەکەی موهتەدی روون و رۆشنە. کۆمەڵە مافی ئەوە بەو تاقمە نادات کە ناوی کۆمەڵە بەکار بێنن، دەنا ئازاد و سەربەستی کردوون لە هەر هەڵسوڕانێکی سیاسیدا. کۆمەڵە سەبارەت بە هێزە سیاسیيەکانی دیکە لەوە ناچێ بۆ هاوکاری هیچ گیروگرفتێکی لەگەڵیان دا ببێت و دەمینێتەوە هەڵوێستی دیار لە مەسەلە دیارەکاندا. یەکێتی شۆڕشگێڕانیش کە ماوەیەك، فریوی ئیدیعاکانی ئەو تاقمەیان خوارد بوو و کەوتبوونە هاوکاری لەگەڵیان، وا ئاکامی سەرەڕۆییەکانی ئەو تاقمە و پەیامە ئابڕووبەرانەکەی موهتەدی هەڵوێستی خۆی روون کردۆتەوە. ئەو هەڵوێستەی لە زمانی حوسێن یەزدانپەناوە بڵاوبۆوە و تاقمەکەی موهتەدی هەناسە سوار کردوو و بەپەلە بەرەو ژووری پێشکەوتنخوازانی پاڵتاکی راوناون.

رۆشنبیرانی وەك ئەیوب زادە، فەرشی، وەزیری، مەردووخی، ئەردەڵان، خالدیان، پیرانیش بە رۆشنترین زمان، لە دژی سیاسەتە دژی دیموکراتیکەکانی ئەو تاقمە لەخۆباییە، راوەستان و نیشانیاندا کە ویژدانی رۆشنبیران نەخەوتووە و بە ئاسانی تەسلیمی فەرمانی دەرەبەگانە نابن! بەندەش وەك شاروومەندێکی کورد و کۆنە پێشمەرگەیەك داوایان لێدەکەم شانازی ئەوەم بدەنێ لە ریزیاندا بم.

**J_hashmi93@hotmail. com**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**